# ڕۆژێك بۆ دادگاییكردنی ڕۆژنامەنووسە گەندەڵەكان

**جەمال پیرە**

بەداخەوە لە وڵاتی ئێمەدا قسەكردن لەسەر گەندەڵی ڕاستەوخۆ پەلكێشمان دەكات بۆ بیركردنەوە لە مەسەلە ئیداریی و سیاسیەكان و لەوێوە لەبەرامبەر كون وكەلەبەرەكانی تری ژیان نابینامان دەكات و كۆمەڵێك كایەی تری زەرورمان بیردەباتەوەو ناچارمان دەكات بەقەد تێگەیشتنمان بیربكەینەوە ئەو تێگەیشتنەی كە لەكورتبینییەوە بۆمان ماوەتەوە، ئەم حاڵەتەش خۆی لەخۆیدا هاتنەكایەی بیرۆكەیەكی ترە كە ڕەنگبێ تەواو لەژێر كاریگەریی ئەو تەوژمە لەئارایەی گەندەڵییدابێ كە حاڵی حازر كوردستانەكەی ئێمە بەدەستییەوە دەناڵێنێ، كەواتە تێگەیشتن لە كایەكە وەكو خۆی دۆزینەوەی مەودا فراوانەكەی واقیعیی دیاردەكەیەو تێنەگەیشتنیش لە مەسەلەكە وەك كە ڕاگەیاندنی باو لێی حاڵیبووە كورتكردنەوە بگرە بە نوقسان ناساندنی دیاردەكەیەو زۆرجاریش چەواشەكردنێكی بێمانا بەدوای خۆیدا دێنێ.

لێرەدا مەبەست قسەكردن نییە لەسەر بوون یا نەبوونی دیاردەكە هەروەك دۆزینەوەی بیرۆكەیەكی تازەش مەبەستی ئەم ستوونە نییە بەقەد ئەوەی مەبەست ناساندن و خستنەڕوویێكی خێرایانەی توێژێكی ئاڵوودە بەو دیاردە زەقە بەدیهییەیە كە ئەمڕۆكە لە سەر حسابی موڵكی گشتی و لەپەنای نووسین و زارقەرباڵغییەوە نارەوایانە كورسییەكان لەپێناو بەرژەوەندییە تایبەتییەكانیاندا بەكاردێنن، هەروەك بەكاریشدەهێنرێن، ئەو شێوازە مامەڵەیەی هەندێ لە ڕۆژنامەنوسان لەگەڵ دامەزراوەكان و بەپێچەوانەشەوە دامەزراوەكان لەگەڵ هەندێ لە ڕۆژنامەنوسان هەردوو لا بە قەد سەرپێچییەكانی خۆی تاوانباردەكات بەڵام دواجار بكەرە ڕۆژنامەوانەكە تاوانبارێكی سەرەكی دەبێت و دەبێتە یەكێ لەهاندەرو پاڵنەرەكانی تەشەنەكردنی دیاردە دزێوەكە.

هەڵبەتە لەبەرئەوەی نموونەی زۆری ئەو حاڵەتە لەبەرچاوە پێویست ناكات حاڵی حازر یان ناكرێ ڕیزبەندی ناوەكان بخەینە ڕوو ، وەك ئەوەی ناشكرێ تاسەر ئەو ناوانە پشتگوێبخرێن و لێیان بێدەنگ بین، دیارە دەشێ ئەو مەسەلەیە لێرەوە بەهەند وەربگیرێ و جارجارە تاوتوێبكرێ تا لە ئەنجامدا كەش و هەوایەكی گونجاو یۆ ئەو مەسەلەیە بێتەئاراوە، بڕواموایە كە بەشێكی گەورەی هۆكاری دابڕانی پەیوەندییەكانی خەڵك و دەسەڵات كۆمەڵێك ناوی دەمامكدراون لە پەنای كاری ڕۆژنامەگەرییەوە مەبەستییانەو تاڕاددەیەكی زۆریش توانیویانە دیوارەكەی نێوانیان توندوتۆڵ بكەن، زۆربەی ئەو دیاردە دزێوە بەرچاوانەی ئەمڕۆی نێو كۆمەڵگای كوردی، پەتا سیاسییەكان، قەیرانە ئابوری و داڕمانە سایكۆلۆژییەكانی ئینسانی كورد لەلایەن ئەو تایپە ڕۆژنامەوانانەی كە لەسەرەوە وەسفیان كرا، پەردەپۆشدەكرێن، كەوایە بۆ مافی ئەوەمان نەبێ داوای دادگاییكردنیان بكەین؟ دادگاییكردنی ئەوانەی لەو پەنایەوە بەناهەق و ناشەرعییانە دەوڵەمەند بوون و تائێستایش زۆربەیان چنگیان لە كورسییەكانیانەوە گیركردووە.

ئەگەر وا هاتبێ و لێی حالیبووین كە وشەو ڕستەو پەرەگراف و وتارو لێكۆڵینەوەو كتێب دادگایی ناكرێن بەڵكو وەڵامدەدرێنەوە ئەوا لە دیوێكی تردا وا پێویستدەكات هەموو ئەو نەفەسە میدیاییانەی كە چاوپۆشی لە گەندەڵیی دەكەن یان مەبەستیانە خوێنەرو بینەرو گوێگر چەواشە بكەن، بناسرێن و لەوێشەوە هەوڵی سزادانیان بدرێت بێگومان سزادانی یاسایی، لەم حاڵەتەدا دەشێ ئاراستەیەك ڕوونبكەینەوە كە بیسەلمێنین ئەوان دواجار لەبەرژەوەندی هیچ لایەكدا نین و نابن، با سەردولكەو ستایش و پیاهەڵدانیش پیشەیان بێت، ڕوونە كە هەموو دەربڕینێكیان لە بۆتەی دەستگرتن بە ئیمتیازاتەكانیانەوە نەبێت نایڵێن و ناینوسن، لێرەدا دەمەوێ ئەم ئاراستەیە لەم پرسیارەدا بخەمە ڕوو، ئاخۆ حیزب پێویستی بە ڕۆژنامەوانی گەندەڵكارو چەواشەكارو بێدەنگ هەیە؟ ئایا بۆ حیزب كامیان سودبەخشتر دەبێت؟ ڕۆژنامەوانی ڕاستگۆ یا چەواشەكار؟ لە ڕاستیدا وەڵامەكە ئاشكراو ڕوونە، بەڵام بەرگەگرتنی كەسانێك لەهەر لایەكەوە بن ئەگەر مەبەستیان بێ ڕاستبێژی بكەنە سێرەی مەبەستەكانیان، نە ئاسانە نە تاسەریش دەبێ، بگرە ئەگەر چارەسەرێك بۆ كپكردنی یەكجارەكییانەی ئەو دەنگانە نەكرێت، چاوەڕێی مەترسیشی لێدەكرێت.